# ﴿بەشی یەکەم ( باوەڕناسی )﴾

## وانەی یەکەم : باوەڕ واتا بەخشین بە ژیان

١- بریتییە لە واتا بەخشین بە ژیان، ڕزگارکردنی مرۆڤ لە هەست کردن بە بێ هودەیی و بێ ئامانجی لە ژیاندا.

ا- باوەڕ ب- ئایین ج- ئاشتی د- (ا-ب)

٢- یەکێك لە سوودەکانی ............ دەبێتە یارمەتیدانی مرۆڤ بۆ سەرکەوتن بەسەر کە و کورتی و ناتەواویەکانی.

ا- باوەڕ و ئایین ب- ئاشتی و چاکسازی ج- داد پەروەری د- هیچیان

٣- مانا دانان بە ئازارەکانمان لە دۆخێکی نەرێنیەوە دەمان گوازێتەوە بۆ دۆخێکی ئەرێنی ئەم ئەرکەش ئەرکی :

ا- ئاشتی و یەکسانییە ب- باوەڕ و ئایینە ج- چاکسازی و ئاشتییە د- هیچیان

٤- دەکرێت بکرێتە دەرفەتی قاڵبوون و زیاتر تێگەیشت لە ژیان و پاڵفتە کردنی دڵ و دەروون و بەرەو تەواو چوون و لە خودا نزیك بوونەوە.

ا- بەڵا و نارەحەتییەکان ب- باوەڕ و ئایین ج- ئاشتی د- چاکسازی

٥- (وإذا مرضتُ فهو يشفينِ) ئەو ئایەتە پیرۆزە لە باسی چییە؟

ا- نەخۆشی و چارەسەری ب- باوەڕ ج- باوەڕ و ئایین د- هەموویان

٦- ((ولكلٍ وجهةٌ هو موليها فاستبقوا الخيرات)) ئەو ئایەتە لە بارەی :

ا- پێشبڕکێ لە کاری خێر و چاکە ب- بەزەیی خودا ج- ئەمر بە چاکە و نەهی لە خراپە د- هیچیان

٧- لە یەکێك لەم فەرموودانە ئاستی بەشداریکردن لە چالاکییە گشتییەکان و بەخەمەوە بوونی کۆمەڵ و پەرۆشییان بێت :

ا- ((مَنْ لم يهتم بأمر المسلمين فلَيسَ منهم)) ب- ((إني أعوذ بك من الكسل))

ج- ((ولكلٍ وجهة هو موليها)) د-هەموویان

| ١/د | ٢/أ | ٣/ب | ٤/أ | ٥/أ | ٦/أ | ٧/أ |
|---|---|---|---|---|---|---|

وانەی دووەم :

## ﴿ باوەڕ و ئەرێنی بوون لە ژیاندا﴾

١- واتە چالاك بوون و هەست بە لێپرسراوی کردن و گەشبینانە ڕوانینە ژیان و کارلێککردن لەگەڵ ئامانج.

ا- نەرێنی بوون ب- باوەڕ ج- ئەرێنی بوون د- هەموویان

٢- مانای کەم تەرخەمی و ڕەشبینی و هەست بە لێپرسراوێتی نەکردن و پاشەکشە و شکست دەگەیەنێ.

ا- ئەرێنی بوون ب- نەرێنی بوون ج- بێزاری د- تەمبەڵی

٣- گیانی نەرێنی و پاڵدانەوە لە مرۆڤدا لاواز دەکات و هانی دەدات بۆ کارکردن و بەخشین و داهێنان و هەوڵ و تێکۆشان.

ا- باوەڕ ب- ئەرێنی بوون ج- نەرێنی بوون د- ئاشتی

٤- پاڵنەرێکی ناوەکی خودییە لە مرۆڤدا کە هانی دەدات لەسەر چاکەخوازی و بە دەرفەت زانینی ژیانی دنیا و خێردانەوە بۆ خۆی و خێزان و کۆمەڵەکەی.

ا- باوەڕ ب- نەرێنی بوون ج- ئاشتی د- چاکسازی

٥- لە هۆکارەکانی نەرێنی بوونی مرۆڤ :

ا- ڕاڕایی و دوودڵی ب- بێزاری و تەمبەڵی ج- شەرمنی و کار دواخستن د- هەموویان

٦- نیشانەی لاوازی ویست و کەسێتییە و توانای بڕیار و دەست پێشخەری لە مرۆڤ دەستێنێتەوە.

ا- بێزاری ب- ڕاڕایی و دوودڵی ج- شەرمی د- تەمبەڵی

٧- کەسێکە لەکاتی پێویست توانای بڕیاردانی هەیە بەتایبەتی نابێ ڕاڕابێت .

ا- مرۆڤی ئەرێنی ب- مرۆڤی نەرێنی ج- مرۆڤی باوەڕدار د- هەموویان

٨- چەندین دەرفەتی چاکە و سەرکەوتن لە دەست مرۆڤ دەدات.

ا- ڕاڕایی ب- بێزاری ج- تەمبەڵی د- هیچیان

٩- بەهۆیەوە زۆرجار لە نیوەی ڕێگا دووچاری شکست دەبێت و پاشەکشە دەکات.

ا- تەمبەڵی ب- بێزاری ج- ڕاڕایی د- شەرمنی

١٠- دوژمنی سەرکەوتنە و هۆی بەفیڕۆچوونی وزەی مرۆڤ و لەدەست دانی ئاما نجی گەورەیە لە ژیاندا.

ا- بێزاری ب- تەمبەڵی ج- ڕاڕایی د- شەرمنی

١١- هۆکاری شکست و کەم تەرخەمی و کات بەفیڕۆدانە هەژاری و دۆڕان و دواکەوتنە.

ا- بێزاری ب- ڕاڕایی ج- تەمبەڵی د- کار دواخستن

١٢- قال تعالى (( إنّ المنافقين يخادعون الله وهو خادعهم وإذا قاموا الى الصلاة قاموا كُسالى يراءُون الناس ولا يذكرون الله الاّ قليلاً )) ئەو ئایەتە لە باسی : پێغەمبەرمان دروودی خوای لەسەر بێت دەفەرمووی

ا- تەمبەڵی ب- بێزاری ج- ڕاڕایی د- شەرمنی

١٣- پێغەمبەرمان دروودی خوای لەسەر بێت دەفەرمووی (( اللهم اني أعوذ بك من الكسل )) ئەم فەرموودەیە لە باسی

ا- تەمبەڵییە ب- بێزاریە ج- ڕاڕاییە د- کار دواخستن

١٤- لە قورئاندا هەمیشە لەگەڵ هەوڵ و تێکۆشان و ئەنجامدانی کاری چاکە باس کراوە و لەگەڵ باوەڕ دوو شتی دژ بە یەکن.

ا- تەمبەڵی ب- ڕاڕایی ج- ئەرێنی بوون د- نەرێنی بوون

١٥- ( تەمبەڵی کلیلی کلۆڵییە بەهۆی ئەوەوە نەداری و دەست کورتی دێتە بوون و تیاچوون بەرهەم دێ. ) ئەمە وتەی کێیە؟

ا- پێشەوا عومەر ب- پێشەوا علی ج- پێشەوا ئەبوبەکر د- پێشەوا عوسمان

**١٦-نەخۆشیە و ویستی مرۆڤ لاواز دەکەن و دژی ڕۆحی باوەڕ و بیرکردنەوەی ئەرێنین.**

ا- شەرمنی و تەریق بوونەوە ب- بێزاری ج- ڕاڕایی د- تەمبەڵی

١٧- وات لێ دەکات نەتوانی داوای مافی خۆت بکەی و هەق بڵێیت و بیروڕاکانت جوان دەربڕی.

ا- شەرمنی و تەریق بوونەوە ب- بێزاری ج- ڕاڕایی د- تەمبەڵی

١٨- یەکەم کەس کێ بوو چووە کۆشکی ساسانیەکان.

ا- ڕەبعی کوڕی عامر ب- خالیدی کوڕی وەلید ج- سەعدی کوڕی وەقاص د-هیچیان

١٩- ( ئێمە هاتووین خەڵکی ڕزگار بکەین لە بەندایەتی بەندەکانەوە بۆ بەندایەتی خودای گەورە و لە ستەمی ئایینەکانەوە بۆ داد پەروەری ئیسلام لە تەنگەتاوی دونیاوە بۆ فراوانی دنیا و قیامەت ) ئەمە وتەی کێیە؟

ا- خالیدی کوڕی وەلید ب- ڕەبعی کوڕی عامر ج- عومەری کوڕی خەتاب د- ابن تیمیه

٢٠- مەبەست تیایدا ئەنجام نەدانی کارەکانە و لەکاتی خۆیاندا و کاری ئەمڕۆ بخرێتە سبەینێ.

ا- کار دواخستن ب- تەمبەڵی ج- بێزاری د- ڕاڕایی

٢١- یەکسانە بە کەم تەرخەمی و لاوازی گیانی بەرپرسیارێتی و جدیەت لە ژیاندا .

ا- کار دواخستن ب- ڕاڕایی ج- تەمبەڵی د- بێزاری

٢٢- ( وسارعوا الى مغفرةٍ من ربكم وجنةٍ عرضها السموات والأرض أعدت للمتقين ) ئەم ئایەتە هاندانە بۆ :

ا- کار دواخستن ب- کێبڕکێکردن بۆ چاکە و سەرکەوتن( کار دوانەخستن) ج- ئاشتی د- چاکسازی

٢٣- خودای گەورە سوێند بە یەکێك لەوانەی خوارەوە دەخوات :

ا- ( کات ) العصر ب- الضحی واللیل ج- الفجر د- هەمویان

٢٤- ئەو هەستە بۆ مرۆڤ دروست دەکات کە کاتەکانی ژیان بەنرخن :

ا- باوەڕ ب- ئەرێنی بوون ج- چاکەکاری د- هەوڵدان

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| ١/ج | ٢/ب | ٣/أ | ٤/أ | ٥/د | ٦/ب |
| ٧/أ | ٨/أ | ٩/ب | ١٠/أ | ١١/ب | ١٢/أ |
| ١٣/أ | ١٤/أ | ١٥/ب | ١٦/أ | ١٧/أ | ١٨/أ |
| ١٩/ب | ٢٠/أ | ٢١/أ | ٢٢/ب | ٢٣/د | ٢٤/أ |

وانەی سێیەم :		﴿پاڵنەرەکانی ئەرێنی بوون لە ژیاندا﴾

١- لە ڕوانگەی ئیسلامەوە ئاما نجدارە و مرۆڤیش دەبێ بۆ ئەو ئاما نجە بژی :

ا- بونەوەر و ژیان		ب- ئەرێنی بوون		ج- ئاشتی		د- تەبایی

٢- (( وما خلقنا السماءَ والأرضَ وما بينهما باطلاً ذلك ظن الذين كفروا )) ئەو ئایەتە لە باسی :

ا- بونەوەر و ژیان و ئاما نجدارێتی		ب- ڕاوێژ و دادپەروەری		ج- ئاشتی و یەکسانی		د- هەموویان

٣- لە ئیسلامدا تاقیکردنەوەیە لە پێناو ئە نجامدانی باشترین کردەوە :

ا- فەلسەفەی ژیان		ب- ئاشتی		ج- یەکسانی		د- داد پەروەری

٤- چاوگی ئومێد و گەشبینییە :

ا- ئەرێنی بوون		ب- باوەڕ		ج- ئایین		د- ئاشتی

٥- ئایەتی (( ومَنْ يقنط منْ رحمةِ ربّه الاّ الضالّون )) لە باسی :

ا- ئومێد و گەشبینی و بەزەیی		ب- بێزاری		ج- تەمبەڵی		د- نەرێنی بوون

٦- (( والمؤمنون و المؤمناتُ بعضهم أولياء بعض يأمرون بالمعروف وينهون عن المنكر )) لە باسی :

ا- فەرمان بە چاکە و نەهی لە خراپە		ب- بەزەیی خودا		ج- گەشبینی و ئومێد		د-هیچیان

٧- (( من رأى منكم منكراً فلْيغيره بيده فإن لم يستطع فبلسانه فإن لم يستطع فبقلبه وذلك أضعف الإيمان ) رواه أحمد. ئەم فەرموودەیە لە باسی :

ا- باوەڕدار نابێ بەرامبەر کارە دزێو و خراپەکان بێ هەڵوێست بێ		ب- باسی ئەمر بە چاکە و نەهی لە خراپە

ج- هەردووکیان		د- بەزەیی ئیسلام

٨- یەکێك لەمانەی خوارەوە فەرموودەی گێڕاوەتەوە :

ا- النسائى		ب- البيهقى		ج- البخارى		د- هەموویان ڕاستن

٩-خوا دەفەرموێ(ولكل وجهة هو موليها فاستبقوا الخيرات أين ما تكونوا..) ئەو ئایەتە لەباسی:

ا- دادپەروەری		ب- ئاشتی و تەبایی		جـ- پێشبڕکێ لەکاری چاکە وخیر		د- هەموویان

١٠- لە ژیاندا هۆکارێکی گرنگی ئیجابی بوون و جوولەو چالاکیە:

ا-ئاشتی خوازی		ب- ئامانجداری		جـ - دادپەروەری		د- ڕاوێژ

| ١/أ | ٢/ب | ٣/أ | ٤/ب | ٥/أ | ٦/أ | ٧/ج | ٨/د |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ١٠/ب | ٩/ج | | | | | | |

## وانەی چوارەم : ﴿ دادپەروەری و عەدالەت خوازی ﴾

١- ڕزگاربوون لە زوڵم خەونی لەمێژینەی کۆمەڵەی مرۆڤایەتی و ئیسلام بایەخی پێداوە :

ا- دادپەروەری و ڕزگاربوون لە زوڵم ب- ئاشتی ج- چاکەکاری د- یەکسانی

٢- بنەڕەتترین و باڵاترین بەهای ئیسلامە هەر بۆیەش لە قورئان و فەرمووده بە جۆرەها شێوە جەختی لێکراوەتەوە.

ا- ئاشتی ب- یەکسانی ج- دادپەروەری د- چاکسازی

٣- بەگوێرەی گۆشە نیگا فیکریەکان و ڕێبازە فەلسەفەیەکان پێناسەی جیای بۆ کراوە :

ا- ئاشتی ب- یەکسانی ج- دادپەروەری د- چاکسازی

٤- ( اعطاء كل ذي حقٍ حقّه )هەمو خاوەن مافیك مافی خۆی پیبدری پێناسەیە بۆ :

ا- دادپەروەری ب- ئاشتی ج- چاکسازی د- یەکسانی

٥- بەشێوەیەکی گشتی دەتوانین بڵێین ئەو دۆخەیە کە مرۆڤەکان هەست ناکەن زوڵمیان لێ دەکرێ و لە مافەکانیان بێ بەش دەکرێن ا- ئاشتی ب- هەژاری ج- دادپەروەری د- یەکسانی

٦- مەبەست لە ڕەوانەکردنی سەرجەم پێغەمبەران و کتێبە ئاسمانییەکان بۆ چەسپاندنی :

ا- ئاشتییە ب- دادپەروەریە ج- یەکسانییە د- چاکسازییە

٧- (( لقد أرسلنا رسلنا بالبينات وأنزلنا معهم الكتاب و الميزان ليقوم الناس بالقسط )) ئەم ئایەتە لە باسی :

ا- ئاشتییە ب- دادپەروەریە ج- چاکسازییە د- هەژارییە

٨- (( عدل ساعة خير من عبادة ستين سنة )) دادپەروەری یەك کاتژمێر خێرترە لە ٦٠ساڵ بەندایەتی ئەمە وتەی :

ا- پێغەمبەر ( د.خ ) ب- پێشەوا عومەر ج- پێشەوا علی د- هیچیان

٩- یەکێکە لە گرنگترین جۆرەکانی دادپەروەرییە و ئیسلامیش فەرمانی پێکردووە :

ا- دادپەروەری سیاسی ب- دادپەروەری کۆمەڵایەتی ج- دادپەروەری ئابووری د- هەموویان

١٠- لە ڕوانگەی ئیسلامەوە فەرمانڕەواکان بەگوێرەی ( عقد )ێك و لە ڕێگەی .............. دەسەڵات وەردەگرن.

ا- کودەتا ب- هەڵبژاردن ج- باوك و کوڕ د- هەموویان

١١- ئامانجی دەسەڵات لە ڕوانگەی ئیسلامەوە بە پلەی یەکەم چەسپاندنی..... ئینجا ئاسایش و ئەرکەکانی دی :

ا- دادپەروەریە ب- ڕاوێژ ج- ئاشتی د- یەکسانی

١٢- (( ولا تأكلوا أموالكم بينكم الباطل )) لە بارەی :

ا- لە بواری ئابووریدا و نابێ بە ناهەق ماڵ بخورێ ب- لە بواری سیاسیدا

ج- لە بواری کۆمەڵایەتیدا د- لەبواری دادپەروەریدا

١٣- ( خودا ئەوەندەی بەسەر دەوڵەمەندەكان كردووە بە ئەرك كە هیچ كەس هەژار نەمێنێتەوە ) ئەمە وتەی :

ا- پێغەمبەر ( د.خ )　　ب- پێشەوا علی　　ج- پێشەوا عومەر　　د- پێشەوا عوسمان

١٤- ئیسلام چەندین دەستەبەری ( ضمانات )ی بۆ هێنانەدی داد پەروەری داناوە لەوانە :

ا- كەس تاوانی كەس هەڵناگرێ　　ب- زۆرلێكردن لە وەرگتنی دانپیانانندا قەدەغەیە

ج- كەسێك لافی مافی بەسەر یەكێكی دیكە لێبدات دەبێ بیسەلمێنێت　　د- هەموویان

١٥-( لە پاڵ هەمو مالیكی بە ناهەق كۆكراوە كۆمەلیك ماف خوراو هەن ) ئەمە وتەی:

ا- پیشەوا عەلیە　　ب- پیشەوا عومەرە　　ج- پیشەوا عوسمانە　　د- پیشەوە ئەبو بەكرە

١٦-( خودا یارمەتی فەرمانرەوایەتیەكی داد پەروەر دەدات با خوا نەناسیش بیت بەلام یارمەتی فەرمانرەوایەتیەكی ستەمكار نادات با موسلمانیش بیت ) ئەمە وتەی:

ا- پیشەوا عومەر　　ب- پیشەوا ئەبو بەكر　　ج- زانا ئبن تەیمیە　　د- هیچیان

١٧-ئەركی بنەرەتی دادگا و دادوەر چەسپاندنی ......

ا- داد پەروەریە　　ب- ئاشتیە　　ج- راویژە　　د- هەمویان

١٨- **خوا دفەرموی**( یا ایها الذین آمنوا كونوا قوامین بالقسط شهداء علی لله ولو علی انفسكم..) ئەو ئایەتە:

ا-شایەتیدان بەهەق　　ب- ئاشتی　　ج- ستەمكاری　　د- هەمویان

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ١/أ | ٢/ج | ٣/ج | ٤/أ | ٥/ج | ٦/ب | ٧/ب |
| ٨/أ | ٩/أ | ١٠/ب | ١١/أ | ١٢/أ | ١٣/أ | ١٤/د |
| | | | ١٨/أ | ١٧/أ | ١٦/ج | ١٥/أ |

## وانەی پێنجەم: ﴿ ڕاوێژ ﴾ الشورى

١- لە گرنگترین بەها ئیسلامیەکانە و پەیوەستە بە مافی جیاواز بوون و بەشداری سیاسی و کۆمەڵایەتی :

ا- داد پەروەری    ب- ئاشتی    ج- ڕاوێژ    د- چاکەکاری

٢- لە ئیسلامدا مافێکە و قورئان و سوننەت بڕیاریان لێداوە و ژیاننامەی پێغەمبەر و کردەوە کاری هاوەڵانیش شایەتی بۆ دەدەن:

ا- ڕاوێژ    ب- داد پەروەری    ج- ئاشتی    د- یەکسانی

٣- ڕاوێژ لە ئیسلامدا بۆ فەرمانڕەواکان :

ا- مافە    ب- ئەرکە    ج- ماف و ئەرکە    د- هەموویان

٤- ڕاوێژ لە ئیسلامدا بۆ هاوڵاتیان:

ا- ئەرکە    ب- ئارەزوومەندانەیە    ج- مافە    د- هیچیان

٥- ئاماژەیە بۆ مەسەلە سیاسی و گشتییەکانی کۆمەڵ.

ا- وشەی ( أمر )    ب- وشەی ( إصلاح )    ج- وشەی ( سورى )    د- وشەی ( عمل )

٦- مافێکی گەلە و گەلیش مافی ئەوەی هەیە بەشێوازێك کە گونجاو بێت لەگەڵ سەردەمدا لەم مافەدا بەهرەمەند بێت و پیادەی بکات

ا- ئاشتی    ب- ڕاوێژ    ج- یەکسانی    د- هیچیان

٧- ڕەتکردنەوەی تاك ڕەوی و ستەمکاری لە باوەڕبوونمان بەخودا و قورئانەوە هەڵقوڵاوە :

ا- باوەڕبوونمان بە ئاشتی    ب- باوەڕبوونمان بە ڕاوێژ    ج- باوەڕبوونمان بە یەکسانی    د-هەموویان

٨- مافی ( شورى ) ڕاوێژ لە یەکێك لەو جەنگانەدا دابەزی و ئەرکە بۆ پێغەمبەر درووودی خوای لەسەر بێت:

ا- بەدر    ب- خەندەق    ج- ئوحد    د- یەرمووك

٩- ( فاعفُ عنهم واستغفر لهم وشاورهم في الأمر ... ) ئەو ئایەتە لە باسی :

ا- ڕاوێژە    ب- ئاشتییە    ج- یەکسانییە    د- هەژارییە

| | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ١/ج | ٢/أ | ٣/ب | ٤/ج | ٥/أ | ٦/ب | ٧/ب | ٨/ج | ٩/أ |

## وانەی شەشەم:

## ﴿ یەکسانی ﴾

١- یەکێك لە بەها ئیسلامییە بالاکانە . ئیسلام هەموو جیاکارییەکی نەتەوەیی و نەژادی و چینایەتی ڕەت دەکاتەوە

ا- یەکسانی ب- داد پەروەری ج - ئاشتی د- ڕاوێژ

٢- بە کورتی واتە یەکسانی بوونی خەڵك لە بەردەم یاسا و جیاکاری نەکردن و بەهۆی ئایین و نەتەوە و زمان و نەژاد و چین و ڕەگەز کە ناعەدالەتی لێ بکەوێتەوە :

ا- یەکسانی ب- داد پەروەری ج- ئاشتی د- چاکسازی

٣- سەرچاوەی بنەڕەتی یەکسانی لە ئیسلامدا :

ا- خودی مرۆڤە ب- خوای گەورەیە ج-نەتەوەیەکگرتووەکانە د-هەموویان

٤- (هو الذي خلقكم من نفسٍ واحدة ) ئەو ئایەتە لە باسی :

ا- یەکسانییە ب- داد پەروەرییە ج- ئاشتییە د- ڕاوێژە

٥- (( الناسُ سواسية كأسنان المشط و إنما يتفاضلون بالعافية . و المرء كثيرٌ بأخيه ولا خير في محبةٍ لا يرى لك من الحق مثل ما ترى له )) ئەو فەرموودە :

ا- یەکسانییە ب- ئاشتییە ج- چاکسازییە د- هەژارییە

٦- مانای وشەی (( المِشط )) چییە کە لە فەرموودەکە هاتووە :

ا- ئاشتی ب- دانەی شانە ج- هەوڵدان د- تەمەن

٧- (( يا أيها الناس إن ربكم واحد و إنّ أباكم واحد الا لا فضل لعربي على عجمي ولا لعجمي على العربي ولا أحمرَ على أسود ولا أسود على أحمر الاّ بالتقوى )) ئەم فەرموودەیە لە باسی :

ا- یەکسانییە ب- هەژارییە ج- ئاشتییە د- ڕاوێژە

٨- ئە نجامدانی دروشمە ئیسلامییەکان بە کۆمەڵ وەك نوێژ و حەج کردن و ... هتد سەرچاوەیان دەرخەری ......... شوێن کەوتووی ئەو ئاینەن بە بێ جیاوازی نەژاد و ڕەگەز و نەتەوە :

ا- ئاشتی ب- یەکسانی ج- چاکسازی د- ڕاوێژ

٩- ( لهم ما لنا وعليهم ما علينا ) ئەو فەرمودەیە لە باسی :

ا- ئاشتی لەگەڵ هەمووان ب- یەکسانی لەگەڵ شوێن کەوتوانی ئاینەکانی تر وهەموویان هاولاتین

ج- چاکسازی لەناو کۆمەڵ د- هیچیان

١٠- (( هو الذي خلقكم من نفسٍ واحدة )) ئەو ئایەتە لە باسی :

ا- یەکسانی پیاو و منداڵ ب- یەکسانی ئافرەت و پیاو ج- پیر و لاو د- هیچیان

١١- هەردووكيان لە ئينسانيەت و بەديهاتندا يەكسانن ؛ هەروەها لە باوەڕهێنان و كارى چاكە يا خراپە پاداشت وەردەگرێ يا سزا :

ب- پياو و ئافرەت ج- ئافرەت و ئافرەت ج- ئافرەت و كچ د- هيچيان

١٢- (( ساووا بين أولادكم في العطيّة ولو كنت مؤثِراً أحداً لأثرت النساء على الرجال )) ئەو فەرموودەيە لە باسى :

ا- بەخشين و دياريدان بە يەكسانى لەنێوان ئافرەت و پياو ب- بەخشين و ديارى پێدان بە كچ تەنها

ج- بەخشين و ديارى پێدان تەنها بە كوڕ ( پياو ) د- هەمووويان

١٣- وشەى ( العطية ) لە فەرمودەكە ماناى چييە؟

ا- ديارى ب- شانە ج- يارمەتى د- هەمووويان

١٤- ئافرەت و پياو لەماف و ئەركدا يەكسانن هەروەك لە يەك لەم ئايەتانە دەردەكەوێت .

ا- (( ولهنّ مثلُ الذي عليهنّ بالمعروف )) ب- (( هو الذي خلقكم من نفسٍ واحدة ))

ج- (( لهم ما لنا وعليهم ما علينا )) د- هەمووويان

١٥- (( وللرِجالِ عليهنّ درجة )) ئەو ئايەتە لە باسى :

ا- پياوان پلەيەكيان زياترە بەسەر ئافرەتان كە ئەركە نەوەك ماف ب- پياوان پلەيەكيان زياترە بەسەر ئافرەتان كە ئەرك و مافى خۆيانە

ج- ئافرەتان پلەيەكيان زياترە بەسەر پياوان د- هيچيان

١٦- پياو لە دەرەوەى خێزاندا ( قيوم ) نييە بەسەر ئافرەتەكەيەوە بەڵام پلەكە بريتييە لە ئەركى :

ا- دانى مارەيى ب- كێشانى خەرجى ج- جوان مامەڵەكردن د- هەمووويان

١٧- هەرچى پەيوەندى بە شايەت دانەوە هەيە لە نێوان ئافرەت و پياو نەفەوتانى :

ا- مافە سياسيەكانە ب- مافە ئابووورييەكانە ج- مافە سۆزدارييەكانە د- هەمويان

| | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ١/أ | ٢/أ | ٣/ب | ٤/أ | ٥/أ | ٦/ب | ٧/أ | ٨/ب | ٩/ب |
| ١٠/ب | ١١/أ | ١٢/أ | ١٣/أ | ١٤/أ | ١٥/أ | ١٦/د | ١٧/ب | |

## وانەی حەفتەم :

## ﴿ دژایەتی زوڵم و ستەم ﴾

١- یەکێك لە خەسڵەتە بنەڕەتییەکانی مرۆڤی باوەڕدار و مسڵمانیش ڕەت کردنەوەی :

ا- ستەم و دژوەستانەوەی بێت　　ب- داد پەروەری　　ج- ئاشتی　　د- جوێندان

٢-لە ڕووی زمانەوە ( سنوور شکاندن و دانانی شتێکە لە شوێنی خۆی نەبێت ) پێناسەیە بۆ :

ا- داد پەروەری　　ب- ستەم ( زوڵم )　　ج- ئاشتی　　د- چاکسازی

٣- بەگشتی واتە ناهەق و دەست درێژی بۆ سەر ماف و ئازادی کەرامەتی کەسانی دیکە و دژی داد پەروەریە :

ا- ستەم　　ب- ئاشتی　　ج- چاکسازی　　د- ڕاوێژ

٤- (( یا عبادي إنيّ حرمتُ الظلم على نفسي و جعلته بينكم مُحرماً فلا تظالموا )) ئەم فەرموودەیە قودسییە باسی :

ا- حەرام بوونی زوڵم　　ب- حەرام بوونی خرا پەکاری　　ج- حەرام بوونی سوو خواردن　　د- هەموویان

٥- یەکێك لە یاساکانی خودای گەورە لەم بوونەدا تیاچوونی نەتەوە و شارستانیەکانە بەهۆی :

ا- ستەم و زۆرداری　　ب- بێ باوەڕی　　ج- سوو خواردن　　د- هیچیان

٦- (( ولقد أهلكنا القرون مِنْ قبلكم لّما ظلموا )) ئەو ئایەتە لەباسی :

ا- لەناو بردنی تاقمان بەهۆی زۆڵم و ستەم　　ب- لەناو بردنی تاقمەکان بەهۆی گەندەڵی

ج- لەناو بردنی تاقمەکان بەهۆی کەم تەرخەمی　　د- هەموویان

٧- (( إن الله تقيمُ الدولة العادِلة وإن كانت كافرة. ولا يقيمُ الظالمة وإن كانت مسلمة. والدنيا تدومُ مع العدل والكفر ولا تدومُ مع الظلم و الإسلام )). ئەو وتەی هەندێ زانایانی موسڵمانە لە بارەی :

ا- بەردەوام بوونی دەوڵەتی داد پەروەری بێ باوەڕ و بەرپای دەکات

ب- دەوڵەتی ستەمکار بەرپا ناکات و نایهێڵێتەوە با موسڵمانیش بێت

ج- دونیا لەگەڵ داد پەروەری و خوانا سیدا بەردەوام دەبێت

د- هەموویان

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ١/أ | ٢/ب | ٣/أ | ٤/أ | ٥/أ | ٦/أ | ٧/د |

## وانەی هەشتەم :

## ﴾ ئاشتی ﴿

١- بەهایەکی گەورەی ئیسلامیە و باوەڕدارانیش بە حوکمی شوێن کەوتنیان دەبێ لەسەری گۆشبکرێن و ببێت بە بەشێك لە ڕەفتاریان :

ا- چاکسازییە ب- ئاشتییە ج- داد پەروەریە د- هیچیان

٢- دروشمی موسڵمانانە و ئیسلام داوا دەکات لەگەڵ دەروونی خۆمان و خێزان و دەوروبەر بوونەوەر و گەل و نەتەوە و ئایینە جۆراوجۆرەکان لەگەڵیدا بژین :

ا- ( سلام ) ئاشتی ب- چاکسازی ج- داد پەروەری د- هیچیان

٣- (( يا أيها الذين امنوا ادخلوا في السلم كافةً ولا تتبعوا خطوات الشيطان ... )) ئەو ئایەتە لەباسی :

ا- یەکسانییە ب- ئاشتییە ج- چاکسازییە د- هەمووویان

٤- قورئان بە دوژمنێکی ئاشکرا و هەمیشەیی و ڕاستەقینە و بێ پەردەی دادەنێت :

ا- ستەمکارە ب- شەیتانە ج- فێڵباز د- هەمووویان

٥- سەرچاوەکانی ئاشتی لە ئیسلامدا بریتییە لە :

ا- بەزەیی بوون ب- برایەتی باوەڕداران ج- ئاشناکردنی گەل و نەتەوەکان د- هەمووویان

٦- پێغەمبەر دروودی خوای لەسەر بێت دەفەرموێ : خوای گەورە منی نەناردووە بۆ نەفرەت کردن بەڵکو بۆ بەزەیی هاتنەوە ئەوە مانای یەك لەو فەرمووودانەیە :

ا- (( إنما المؤمنون أخوة )) ب- (( إني لم أبعث لعّاناً و إنما بعثتُ رحمةَ ))

ج- (( المسلم من السَلِم المسلمون مِنْ لسان ويده )) د- هەمووویان

٧- (( المسلم من السَلِم المسلمون مِنْ لسان ويده )) ئەو فەرموودەیە لە باسی :

ا- چاکسازییە ب- ئاشتییە ج- ڕاوێژە د- هەمووویان

٨- (( وتعاونوا على البرّ والتقوى ولا تعاونوا على الإثم والعدوان )) ئەو ئایەتە لە باسی :

ا- لە خێر و چاکە و هاوکاری یەکدی بکەن ب- هەموو مرۆڤەکان یەکسانن

ج- ئەوەی لەسەر پێغەمبەرە گەیاندنە د- هەمووویان

٩- ئەرکی پێغەمبەر دروودی خوای لەسەر بێت زانا و بانگخوازانی دوای ئەو تەنها و تەنها ڕوونکردنەوەی ڕاستییەکان و گەیاندنی پەیامەکەیە بە زمانی سەردەم بە جوانی :

ا- (( وما على الرسول الا البلاغ )) ب- (( المسلم من السَلِم المسلمون مِنْ لسان ويده ))

ج- (( هو الذي خلقكم من نفسٍ واحدة )) د- (( وتعاونوا على البرّ و التقوى ... ))

١٠- دوای باوەڕ و خۆشەویستی یەكتر كارێك هەیە مرۆڤەكان زیاتر لای یەكدی خۆشەویست دەكات:

ا–سڵاووئاشتی لەنێوان خەڵكیدا   ب– كەم تەرخەمی مەكەن   ج– هاوكاری كردنی یەكتر   د–هیچیان

١١- (( وما أرسلناك إلا رحمةً للعالمين )) ئەو ئایەتە لە باسی :

ا- چاكە كردن لەگەڵ یەكتری   ب- بەزەیی پێغەمبەر درووودی خودای لەسەر بێ

ج- هاوكاری كردنی یەكتری   د- خۆشویستنی یەكتر

١٢- (( يا أيها الناسُ إنا خلقناكم من ذكرٍ و أنثى و جعلناكم شعوباً و قبائلَ لِتعارفوا إنّ أكرمكم عند الله أتقاكم )) لە ڕوانگەی ئەو ئایەتەوە ئاما نجی دروست بوونی نەتەوەكان :

ا- یەكتر ناسینە   ب- جیاكارییە   ج- هاوكارییە   د- هەموویان

١٣-ڕەچاوكردنی سەرەتای داد پەروەریش مەزنترین و بنەرتترین دەستەبەری بەرقەراربوونی:

ا-یەكسانیە   ب- ئاشتیە   ج- خۆشەویستیە   د- هاوكاریە

١٤- خودا دەفەرموی(انما المؤمنون اخوة) یەكێكە لەسەرچاوەكانی ئاشتی بەمانای:

ا-خۆشەویستی باوەرداران   ب- برایەتی باوەرداران   ج-هاوكاری باوەرداران   د- هەموویان

١٥-خوا دەفەرموی(هو الذي خلقكم من نفس واحدة) واتە: سەرجەم مرۆڤایەتی لە ئیسلامدا:

ا-یەک سەرچاوەیان هەیە   ب- دوو سەرچاوەیان هەیە   ج- سێ سەرچاوەیان هەیە   د- هیچیان

١٦-پیغەمبەر درووودی خوای لەسەر دەفەرموێ(اني لم أبعث لعاناً وانما بعثت رحمة) لە باسي:

ا-خوا منی ڕەوانە كردوە بەنەفرەت   ب- خوا منی ڕەوانە كردوە بۆ بەزیی پیهاتنەوە

ج- خوا منی ڕەوانە كردوە ئاشتی بچەسپینم   د-(ا-ب) وەلامی ڕاستن

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| ١/ب | ٢/أ | ٣/ب | ٤/ب | ٥/د | ٦/ب |
| ٧/ب | ٨/أ | ٩/أ | ١٠/أ | ١١/ب | ١٢/أ |
| ١٣/ب | ١٤/ب | ١٥/أ | ١٦/د | | |

## وانەی نۆیەم : ﴿چاکسازی﴾

١- چەمکێکی ئیسلامی ڕەسەنە چەندەها جار لە قورئاندا ئاماژەی پێکراوە پەیوەست کراوە بە کاری پێغەمبەرانی خوداوە :

ا- ئاشتی ب- چاکسازی جـ- ڕاوێژ د- یەکسانی

٢- چەمکێکی بنەڕەتی پەروەردەی کۆمەڵایەتی ئیسلامیە : ا- چاکسازی ب- ئاشتی جـ- یەکسانی د- ڕاوێژ

٣- لە فەرهەنگی نوێدا بە هەموو ئەو هێز و گروپانە دەگوترێت کە بڕوایان بە گۆڕانی پلە بە پلە و ئاشتیخوازانە هەیە پەنا نابەنە بەر توندوتیژی و سەر لەبەر واقیع ڕتتناکەنەوە.

ا- چاکسازی ب- ئاشتی جـ- یەکسانی د- ڕاوێژ

٤- لە قورئاندا چەمکی چاکسازی مانایەکی فراوانتر لەخۆ دەگرێت ڕەهەندی :

ا- کۆمەڵایەتی ب- ئەخلاقی جـ- ئابووری و دەروونی د- هەموویان ) هەیە

٥- ( المفردات فی غریب القرآن ) لە دانراوەکانی : ا- ڕاغیبی ئەسفەهانی ب- ابن تیمیة جـ- القرطبي د- مسلم

٦- ڕاغیبی ئەسفەهانی دەڵێ : دژی خراپەکاری و گەندەڵیە :

ا- ئاشتی ب- چاکسازی جـ- یەکسانی د- ڕاوێژ

٧- بەرامبەر بە وشەی ( مصلح ) و چاکەکاری بەکارهاتووە :

ا- ئاشتی ب- ستەم کردن جـ- خراپەکاری ( مفسد ) د- هیچیان

٨- (( وقالَ موسى لأخيه هارون اخلفني في قومي و أصلح ولا تتبعْ سبيل المُفسدين )) ئەو ئایەتە لە باسی :

ا- ئاشتی ب- یەکسانی جـ- ئیسلام و چاکسازی د- هەموویان

٩- بە گشتی ناونیشانە بۆ ئاراستەیەك لە ژیان و بیرکردنەوەی ئەرینی کە خێروخۆشی کۆمەلەکەی و مرۆڤەکانی دەوی

ا- ئاشتی ب- راویژکردن جـ- چاکسازی د- هەمویان

١٠- خوا گەورە دەفەرمووێت[ولاتفسدوا في الأرض بعد اصلاحها]ئەو ئایەتە لە بارەی:

ا- دوای ئیسلاح کردن خەرا پە مەکەن ب- ستەمکاری جـ- خرا پەکاری د- هەموویان

١١- ڕاغیبی ئەسفەهانی دەڵێت : ( بریتیە لە دەرچوونی شتێك لە دۆخی میانەڕەوی ) :

ا- ستەم ب- خرا پەکاری ( فساد ) جـ- ڕاوێژ ( الشوری ) د- هیچیان

١٢ـخوا دەفەرموێ(أم نجعل الذين امنوا وعملوا الصالحات كالمفسدين في الارض..) لەباسی:

اـخراپەکارو چاکسازیخوازان یەکسانن بـ چاکسازیخوازان و خراپەکار یەکسان نین
جـ ئاشتی خوازو ستەمکار یەکسان نین دـهیچیان

| | | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ١/ب | ٢/أ | ٣/أ | ٤/د | ٥/أ | ٦/ب | ٧/ج | ٨/ج | ٩/ج | ١٠/أ |
| ١١/ب | ١٢/ب | | | | | | | | |

## ❁ هەژار پەروەری ❁

١- ئیسلام بایەخێکی گەورەی پێداوە وسەرنجی شوێنکەوتوانی بۆ بایەخ دان و لا لێکردنەوە و بە تەنگەوە بوونیان ڕادەکێشێت.

ا- ئاشتی　　ب- هەژارپەروەری　　جـ- هەژار و نەدار و لاوازەکانی کۆمەڵ　　د- هیچیان

٢- (( أرأيتَ الذي يكذبُ بالدين فذلك الذي يدع اليتيم ولا يحضّ على طعام المسكين )) ئەو ئایەتە لە باسی :

ا- ڕێگری کردن بۆ تێرکردنی هەژار و گەداکان　　ب- ستەمکاری　　جـ- ئاشتی و ئاشتیخوازی　　د- هەموویان

٣- وشەی ( سَقَر ) مانای چییە؟

ا- هەژاری　　ب- دۆزەخ　　جـ- ئاشتی　　د- هیچیان

٤- یەکێك لەوانە فەرموودەی گێڕاوەتەوە :

ا- الطبراني　　ب- ابن تيمية　　جـ- ڕاغب الأصفهاني　　د- هەموویان

٥- (( ليسَ بالمؤمنِ الذي يبيتُ شبعاناً و جاره جائع الى جنبه )) ئەم فەرموودەیە لە باسی :

ا- ئاشتی　　ب- برسێتی و دراوسێ　　جـ- هەژاری　　د- هەموویان

٦- (( أيما أهل عرصة بات فيهم أمرؤ جائع فقد برئت منهم ذمة الله )) ئەمە وتەی :

ا- پێشەوا محمد درودی خوای لەسەر　　ب- پێشەوا عومەر　　جـ- پێشەوا عەلی　　د- پێشەوا عوسمان

٧- وشەی ( عرصة ) بە مانای چ دێت :

ا- برسێتی　　ب- دۆزەخ　　جـ- کوچە و کۆڵان　　د- هەموویان

٨- (( اللهم إنى أعوذبك من الكفر والفقر )) واتە خودایە پەنا بەتۆ دەگرم لە خودا نەناس و هەژاری. ئەمە وتەی :

ا- پێشەوا محمد درودی خوای لەسەر　　ب- پێشەوا ئەبەبکر　　جـ- پێشەوا عەلی　　د- پێشەوا عوسمان

٩- کێشەیەکی کۆمەڵایەتییە و دەبێ هەمووان بەشداری لە چارەسەرکردنی بکەین :

ا- هەژاری　　ب- ستەمکاری　　جـ- چاکسازی　　د- هەموویان

١٠- (( فلا أقتحم العقبة وما أدراك ما العقبة. فك رقبة أو اطعامٌ في يومٍ ذي مسغبة. يتيماً ذا مقربة أو مسكيناً ذا متربة )) ئەو ئایاتە پیرۆزە لە باسی :

ا- ڕووبەڕووبوونەوەی هەژاری　　ب- ئاشتی　　جـ- چاکسازی　　د- ڕاوێژ

١١- وشەی ( مسغبة ) مانای چییە؟

ا- دۆزەخ　　ب- گرانی و قات و قری　　جـ- کۆچ و کۆڵان　　د- ئاشتی

| | | | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ١/جـ | ٢/ا | ٣/ب | ٤/ا | ٥/ب | ٦/ا | ٧/جـ | ٨/ا | ٩/ا | ١٠/ا | ١١/ب |

١- وشەیەکی یۆنانییە لە دوو برگە پێکهاتووە (دیموس )واتە گەل و (کراتۆس) واتە دەسەڵات:

ا- ئاشتی ب- دیموکراسی جـ- ڕاوێژ د- چاکسازی

٢- بەواتای دەسەلاتی گەل دێت :

ا- ڕاوێژ ب- چاکسازی جـ- دیموکراسی د- هەموویان

٣- (موریس دوفرجیە) بیرمەندێکی :

ا- یۆنانییە ب- ئیتاڵییە جـ- فەڕەنسییە د- ئەمریکییە

٤- ((دیموکراسی سیستەمێکە کە بەگوێرەی ئەو زۆرینەی دانیشتووان حکومەت هەڵدەبژێرن. کەمایەتیش مافی ڕادەڕبرین هەیە و هەموو بیروباوەڕ و ڕەوتەکان ڕێزلێگراون و هەموو هاوڵاتیانیش لەم سیستەمە دا یەکسانن)) ئەم وتەی :

ا- (موریس دوفرجیە) ب- (راغب اللاصفهانی) جـ- (قورتوبی) د- هیچیان

٥- شێوەیەکە لە شێوەکانی حوکم کردن. واتە ڕێگایەکی تایبەتە بۆ گەیشتن بە بڕیارە حکومیەکان :

ا- ڕاوێژ ب- دیموکراسی جـ- چاکسازی د- ئاشتی

٦- (دیموکراسی) لە پێناسەکانیدا دەردەکەوێ ئەو سیفەتانەی هەڵگرتووە :

ا- یەکسانی سیاسی ب- وەڵامدانەوەی حکومەت بۆ ویستی گەل جـ- حوکمی زۆرینە و مافی کەمیە د- هەموویان

٧- ڕژێمێکە بۆ حوکم کردن :

ا- شوری ب- دیموکراسی جـ- ئاشتی د- هیچیان

٨- کۆمەڵێك ڕێباز و دام و دەزگایە شۆڕ دەبێتەوە بەناو ویستی زۆرینەی گەلدا ئازادی دامەزراندن چالاکی پارتە سیاسییەکان و مافی هەڵبژاردن دەخوازێت.

ا- دیموکراسی ب- ڕاوێژکردن جـ- چاکسازی د- هەموویان

٩- بریتییە لە دابینکردنی فرەیی فکری و سیاسی و چاودێری لەسەر دەسەلاتەکان و حوکم کردنی فەرمانڕەواکان :

ا- ڕاوێژ ب- ئاشتی جـ- دیموکراسی د- هەموویان

| | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ١/ب | ٢/ج | ٣/ج | ٤/أ | ٥/ب | ٦/د | ٧/ب | ٨/أ | ٩/ج |

## وانەی دوازدەیەم : ﴿ یەکسانی گەل و نەتەوەکان لە ڕوانگەی ئیسلام ﴾

١- (( یاأیها الناسُ إنّا خلقناکم من ذکرٍ وأنثى و جعلناکم شعوباً و قبائل لتعارفوا .... )) ئەو ئایەتە لە باسی :

ا- یەکسانی گەل و نەتەوەکان ب- یەکسانی ئافرەت و پیاو جـ- یەکسانی لە میرات د- هەموویان

٢- وشەی ( لتعارفوا ) واتە :

ا- یەکترناسین و بناسن ب- داننانی هاوبەش بەیەکتریدا جـ- گفتوگۆو هاوکاریە د- هەمویان

٣- یەکێك لەمانەی خوارەوە بەدەقی ئایەت لە نیشانە و بەڵگەکانی خودایە.

ا- ئاشتی ب- چاکسازی جـ- جیاوازی زمان و ڕەنگ د- هەموویان

٤- لە ڕوانگەی ئیسلامەوە جیاوازی گەل و نەتەوەکان ویستی خودایە و ئامانج تیایدا :

ا- یەکتر ناسینە ب- داننانی هاوبەش بە یەکدی جـ- ڕێزگرتن لە تایبەت مەندی یەکتر د- هەموویان

٥-(( لا فضل لعربي على أعجمي ولا أعجمي على عربي ولا لأبیض على أحمر الاّ بالتقوى و العمل الصالح )) فەرموودەیە باسی

ا- یەکسانی گەل و نەتەوەکان ب- ئاشتی و چاکسازی جـ- ڕاوێژکردن د- هیچیان

٦ - یەکێك لە پایە و ڕەنگدانەوەکانی چەمکی داد پەروەرییە :

ا - یەکسانی ب- ئاشتی جـ- ڕاوێژ د- چاکسازی

٧- نایەکسانی لە شوێن و کاتدا یەکسانە بە نەبوونی :

ا- داد پەروەری ب- ڕاوێژکردن جـ- ئاشتی د- چاکسازی

٨ - باوەڕهێنان بە یەکسانی نەتەوەکان لە مافەکان و گوزارشت دانەوە لەخۆ :

ا- داد پەروەری ئیسلامی ب- ئاشتی ئیسلامی جـ- ڕاوێژ لە ئیسلامدا د- هیچیان

٩- بنەمای یەکسانی گەل و نەتەوەکان لە ئیسلامدا خوازیاری سیستەمێکی :

ا- ناوخۆییە ب- جیهانیە جـ- خۆجێییە د- هیچیان

١٠- (( وما لکم لا تقاتلون في سبیل الله والمستضعفین من الرجال و النساء ... )) ئەو ئایەتە لە باسی :

ا- خەبات لە پێناو گێڕانەوەی هاوسەنگی نێوان گەلان ب- بەرقەراری سیاسی

جـ- چاکسازی کردن د- هیچیان

| | | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ١/أ | ٢/د | ٣/ج | ٤/د | ٥/أ | ٦/أ | ٧/أ | ٨/أ | ٩/ب | ١٠/أ |

# وانه ی سێزده‌یه‌م

**به‌شی سێیه‌م :** ﴿ هێڵه‌ گشتییه‌كانی تێڕوانینی ئیسلام بۆ سیسته‌می ئابووری ﴾

**١- بنه‌ماكانی تێڕوانینی ئیسلام بۆ مه‌سه‌له‌ ئابووریه‌كان له‌سه‌ر كۆمه‌ڵێك ڕوانگه‌ و بنه‌ما دامه‌زراوه :**

ا- بنه‌مای جێنشینی ب- لێپرسینه‌وه‌ی ڕۆژی دوایی جـ- بنه‌مای مام ناوه‌ندی د- هه‌موویان

٢- (( وإذ قالَ ربك للملائكة إني جاعلٌ في الأرض خليفة ... )) ئه‌و ئایه‌ته‌ له‌ باسی بوونه‌وه‌ر هه‌موو موڵكی خودانه‌ و مرۆڤیش :

ا- جێنشینه‌ ب- جێنشین نییه‌ جـ- به‌نده‌یه‌ د- هه‌موویان

**٣- خاوه‌ندارێتی مافێكی :**

ا- ڕه‌هانییه‌ ب- ڕه‌هایه‌ جـ- ئاره‌زوومه‌ندانه‌یه‌ د- هه‌موویان

**٤- له‌ بنه‌ڕه‌تدا به‌خششێكی خوداییه‌ و بۆیه‌ پێویسته‌ به‌جوانی به‌كاربێت و سوودی هه‌بێ.**

ا- ئاشتی ب- خاوه‌ندارێتی جـ- چاكسازی د- ڕاوێژ

**٥- (( وابتغ فيما اتاك الله الدارَ الأخرة ولا تنسَ نصيبك مِن الدنيا وأحسنْ كما أحسَنَ الله إليك ولا تبغِ الفسادَ في الأرض إنّ الله لا يحبّ المفسدين )) ئه‌و ئایه‌ته‌ له‌ باسی بنه‌مای :**

ا- لێپرسینه‌وه‌ی ڕۆژی دوایی ب- كار و پاداشت جـ- جێنشینی د- هیچیان

**٦- مانای (( إن الله لا يحب المفسدين )) : واته‌ خودا :**

ا- خراپه‌كاران له‌ناو ده‌بات ب- خراپه‌كارانی خۆش ناوێت جـ- سته‌مكارانی ناوێت د- هه‌موویان

**٧- له‌ بنه‌مای لێپرسینه‌وه‌ی ڕۆژی دوایی ئه‌مانه‌ی لێ ده‌بێته‌وه‌ وه‌ك ئایه‌ته‌كه‌ی پیشه‌وه‌ :**

ا- چاودێری خودی مرۆڤ به‌سه‌ر خۆیه‌وه‌ ب- هاندان له‌سه‌ر كاری به‌رهه‌م هێنه‌رو چاك

جـ- هه‌ردووكیان د- ئاشتی

**٨- واته‌ دووركه‌وتنه‌وه‌ له‌ یه‌ك كاتدا له‌ كۆشه‌گیری و وازهێنان له‌ خۆشیه‌كانی دونیا له‌گه‌ڵ ماڵ و سامان به‌فیڕۆدان و نقووم بوون له‌ تێركردنی ئاره‌زووه‌كان.**

ا- بنه‌مای زیان نه‌دان و زیان لێنه‌دان ( الإسراف والتبذير ) ب- بنه‌مای مام ناوه‌ندێتی ( التوسط )

جـ- بنه‌مای جێنشینی د- بنه‌مای كار و پاداشت

**٩- (( ولا تجعَل يدك مغلولةً الى عنقِك ولا تبسطها كل البسط فتقعد ملوماً مَحسوراً )). ئه‌م ئایه‌ته‌ له‌ باسی : بنه‌مای**

ا- مام ناوه‌ندێتیه‌ ب- جێنشینییه‌ جـ- كارو پاداشته‌ ٤- هیچیان

**١٠- ئه‌م ئایه‌ته‌ی سه‌ره‌وه‌ بنه‌مای ( مام ناوه‌ندێتییه‌ ) ئه‌و خالانه‌ی لێده‌كه‌وێته‌وه‌ :( ولاتجعل يدك مغلولة الى عنقك...)**

ا- ئازادی خاوه‌ندارێتی ب- ئازادی به‌كارهێنان و مامه‌ڵه‌ پێكردن جـ- ئازادی چالاكی ئابووری د- هه‌موویان

١١- (( ولا تبغِ الفسادَ في الأرض إنّ الله لا يحبّ المفسدين )) ئەم ئایەتە لە باسی :

ا- بنەمای زیان نەدان و زیان لێنەدان ب- کار و پاداشت جـ- مام ناوەندێتی د- هەموویان

١٢- کارکردن لە ئیسلامدا :

ا- عیبادەتە ب- ئەرکە جـ- عیبادەت و ئەرکە د- ئارەزوومەندانەیە

١٣- لە بنەمای کارو پاداشت دوو خالَی لێدەکەوێتەوە :

ا- هاندان لەسەر کار و بەرهەم هێنان ب- مافی کرێ لە بەرامبەر کار و موڵك

جـ- هەردووکیان د- خاوەندارێتی ئازاد

١٤- لە فقهی ئیسلامیدا پێداویستیەکانی مرۆڤ بەسەر سێ ئاست دابەشبوون :

ا- بنەڕەتییەکان ب- جوانکارەکان جـ- ئاسانکارەکان د- هەموویان

١٥- پێداویستیە بنەڕەتیەکان ( الضروريات ) بریتین بۆ پاراستنی مانەوەی :

ا- ئایین و گیان ب- ماڵ و ئەقڵ جـ- وەچە د- هەموویان

١٦- بریتییە لە هەموو ئەو پێداویستیانەی ژیانی تاکەکەسی لەسەر یان نەوەستاوە بەڵام بۆ ژیانێکی خۆش گوزەرانتر و ئاسانتر پێویستن.

ا- پێداویستیە بنەڕەتییەکان ب- پێداویستیە ئاسانکارەکان جـ- جوانکارەکان د- هەموویان

١٧- بریتین لە هەموو ئەو پێداویستیانەی بە وازهێنانیان ژیان پەکی ناکەوێ بەڵام بە ئەوانەوە جوانتر و ڕازاوەتر دەبێ.

ا- ئاسانکارەکان ( الميسرات ) ب- بنەڕەتیەکان ( الضروريات ) جـ- جوانکارەکان ( التحسينيات ) د-هەمویان

١٨- لە بنەمای لە پێشینە بوونی پێداویستە پێویستەکان ( الحاجات الضرورية ) :

ا-دیاریکردنی لە پێشتر بوونی ( الاولويات ) وەبەرهێنانی ئیسلامی جـ- هەردووکیان

ب- دابەش کردنی کەرەسە ئابووریەکان بە گوێرەی ئاستی وەبەرهێنانی کۆمەڵ. د- هیچیان

| | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ١/د | ٢/أ | ٣/أ | ٤/ب | ٥/أ | ٦/ب | ٧/ج | ٨/ب | ٩/أ |
| ١٠/د | ١١/أ | ١٢/ج | ١٣/ج | ١٤/د | ١٥/د | ١٦/ب | ١٧/ج | ١٨/ج |

وانەی چواردەیەم : ﴿ ڕێسا گشتیەکانی یاسادانانی ئیسلامی لە مەسەلە ئابوورییەکاندا﴾

١- کۆمەڵێك ڕێسان دەبێت لەکاتی یاسادانان (تشریع)ی ئیسلامیدا بۆ ئاراستە کردنی چالاکی ئابووری ڕەچاو بکرێن.

ا- کاروبارەکان بە مەبەستەکانی پشتەوەیانەوە دەپێورێن (الامور بمقاصدها) جـ- زیان لادەبرێت (الضررُ یُزال)

ب- ئاسانکاری و هەڵگرتنی تەنگەتاوی (المشقة تجلب التیسیر) د- هەموویان

٢- یەکێك لەڕێسا گشتییەکانی یاسا دانانی ئابووری لە ئیسلامدا :

ا- دڵنیایی بە گومان لا ناچێت (لا یزول الیقین بالشك) ب- داب و نەریت داوەرێکە (العادة محکمة)

جـ- هەردووکیان د- هیچیان

٣- بەگوێرەی ئەم ڕێسایە بنەڕەت لە مرۆڤدا بێ تاوانیە لە شتەکانیش ڕەوابوونە (المباح) :

ا- (لا یزول الیقین بالشك) ب- (الضررُ یُزال) جـ- (العادة محکمة) د- هەموویان

٤- بایەخیان دەردەکەوێ کە سەرچاوەی ڕێکخستنی پەیوەندی گرێ بەست و مامەڵە و ڕێ و شوێنەکان لە سیستەمی بانکداری لە ئیسلام دا پێکدەهێنن.

ا- ڕێسا گشتییەکانی یاسا دانانی ئیسلامی ب- بنەماکانی تێڕوانینی ئیسلام بۆ مەسەلە ئابوورییەکان

جـ- هەردووکیان د- هیچیان

٥- واتە ئەو شتانەی خەڵك لەسەری ڕاهاتوون و داب و نەریت لەنێوانیاندا بەگوێرەی ئەوەوە دەڕوات دەقی ئیسلامی لەسەر نەهاتووە

ا- لا یزول الیقین بالشك ب- العادة محکمة جـ- الضررُ یُزال د- هیچیان

٦- واتە حوکمە شەرعیەکان و دەقە یاساییەکان بەجۆرێك بن مرۆڤ بتوانێ بێ ناڕەحەتی و باری شانگرانبوون ئەنجامیان بدات.

ا- (المشقة تجلب التیسیر) ب- (الضررُ یُزال) جـ- ((العادة محکمة) د- هەموویان

٧- واتە هەموو کار و کردەوەیەك بەو مەبەست و نیازی خاوەنی دەپێورێت.

ا- (الضررُ یُزال) ب- (العادة محکمة) جـ- (الامور بمقاصدها) د- هەموویان

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ١/د | ٢/ج | ٣/أ | ٤/أ | ٥/ب | ٦/أ | ٧/ج |

## وانەی پازدەهەم :

## ﴿ئێزدی﴾

**١- شارەزایانی ئاینی ئیزیدی دەڵین رەگ و ریشالی دەگەریتەوە بۆ ئاینی :**

ا- مەزدایی ب- میترابی جـ- زەردەشتی د- (ا-ب) راستن

**٢- مەڵبەندی پەیدابوون و بڵاوبوونەوەی ئەم ئایینە :**

ا- سوریایە ب- کوردستانە جـ- یۆنانە د- هیچیان

**٣- ئایینی ئێزدی رێ بەکەس نادات لە ئایینەکانی بێتە ناو ئایینەکەیان کەواتە :**

ا- مزگێنی بەر نییە وداخراوە لەسەر خۆی ب- مزگێنی بەرە جـ- داخراو نیە لەسەر خۆی د- هەموویان

**٤- پیرۆزترین پەرستگەیان ( لالش ) دەکەوێتە :**

ا- کوردستانی سوریا ب- کوردستانی عێراق جـ- کوردستانی ئێران د- کوردستانی تورکیا

**٥- لە ئێزدی توخمێکە لە کۆمەڵێك مرۆڤ پێك دێت ئەرکیان بەرێوەبردن و رێ و رەسمە ئایینیەکانە بەشێوەی ( پشاتو پشتە ) لەدایك و باوك بۆ منداڵەکانیان دەمێنێتەوە.**

ا- چین ب- کۆمەڵ جـ- هەردووکیان د- هیچیان

**٦- ریبەری ئاینیە وئەرکی فێرکرن و بڵاوکرنەوەی بیرو باوەرێ ئێزیدیەتە لەناو کۆمەڵ.**

ا- پیر ب- شیخ جـ- مورید د- هەموویان

**٧- چینی پیر لناو ئێزیدی لە ................ بنەماڵە پێك دێت.**

ا- ٣٠ ب- ٤٠ جـ- ٥٠ د- ٦٠

**٨- چینی پیر پێك دێت لە بنەماڵەکانی :**

ا- حەسەن مامان ب- شالیار جـ- هاجیال ومەهمەدی رەشان د- هەموویان

**٩- رێبەری ئایینیە لە سێ بنەماڵەی سەرەکی پێك دێت وەکو ( ئادانی و شەمسانی و قاتانی ) ژنخوازی لەنێوانیان گوناحە.**

ا- شێخ ب- پیر جـ- مورید د- هەموویان

**١٠- پەرستگەی پیرۆزی ئێزیدیە دەکەوێتە دۆلێکی سێ چیای گەورە بە زمانی ئاڤێستایی لە ( الالە ) واتە چرا و رووناکی گەش لە سەردەمی ( شێخ ئادی کورێ مسافر ) هاتوتە نۆژەنکردن.**

ا- لالش ب- کانیا سپی جـ- پەرستگە د- هیچیان

**١١- لای ئێزیدیەکان سووری ژیانە و هەوێنی مەیینی زەوییە :**

ا- لالش ب- مەرقەد جـ- کانیا سپی د- هەموویان

١٢- كۆنترین و پیرۆزترین جەژنی ئێزیدیانە بۆ سەرەتای ئافراندی کنیات دەکەوێتە چارشەممەی یەکەمی مانگی نیسان ناودارە بە چارشەممەی سوور. ژنخوازی و هەڵکەندنی زەوی تیایدا گوناحە. نانێکی تایبەت دروست دەکەن پێی دەوترێ ( سەوك ).

ا- جەژنی چلەی هاوین ب- جەژنی سەری ساڵ جـ- جەژنی چلەی زستان د- جەژنی جەمای

١٣- یەکێکە لەو جەژنانەی کە رێ و رەسمەکەی لە پەرستگەی لالش دەگێرن. دەکەوێتە رۆژی ٣٠ی تەمموز تا ٢ی مانگی ئاب. بیانەوێ چل رۆژ بە رۆژو دەبن.

ا- جەژنی چلەی هاوین ب- جەژنی جمای جـ- جەژنی قوربان د- هیچیان

١٤- ئەم جەژنە دەکەوێتە دووی مانگی شوبات لەرۆژمێری زایینی. هەمان رێ و رەسمی جەژنی چلەی هاوینە ماوەی سێ رۆژ بەردەوام دەبێ.

ا- جەژنی چلەی هاوین ب- جەژنی چلەی زستان جـ- جەژنی جەمای د- هیچیان

١٥- یەکێکە لە جەژنە دێرینەکان و ماوەی ( ٧ ) رۆژ کە ٦ تا ١٢ی تشرینی یەکەم دەخایەنێت مۆم و چرا دادەگیرسێنن ( سمات ) خواردنێکی تایبەت رۆژانە دروست دەکەن :

ا- جەژنی جەمای ب- جەژنی سەری ساڵ جـ- جەژنی چلەی زستان د- هیچیان

١٦- لای وان ناوێکە لەناوی خودا دوای سێ رۆژ بەرۆژوو بوون لە رۆژی چوارەم کە دەکاتە رۆژی هەینی سێیەم لە مانگی کانوونی دووەم دەکەن بە جەژن.

ا- جەژنی بێلندە ب- جەژنی رۆژووی ئێزی جـ- جەژنی جەمای د- جەژنی سەری ساڵ

١٧- ئەم جەژنە لە جەژنە هەرە دێرینەکانی ئێزیدیانە بەبۆنەی تەواوبوونی وەرزی چاندن دێ دەکەوێتە هەینی یەکەم لە مانگی کانوونی دووەم وە دروستکردنی نانی سەوك وە ( خەولیرە ) دابەش دەکەن و پاشان ئاگر هەڵدەدەن پێی دەڵێن ( گورگا گای ) سێ جار بەسەری باز دەدەن.

ا- جەژنی بێلندە ب- جەژنی جەمای جـ- جەژنی خدر الیاس د- جەژنی ئێزدی

١٨- دەکەوێتە پێنج شەممەی سێیەم لە مانگی شوبات ( قەلاتك ) دروست دەکەن ( پێخون ) لە بەیانی خواردنێکی تایبەت لە ساواری برژاو دروست دەکەن پێی دەوترێ ( چەرخووس ).

ا- جەژنی خدر الیاس ب- جەژنی بێلندە جـ- جەژنی جەمای د- جەژنی چلەی زستان

١٩- ئەم جەژنە دەگەرێتەوە بۆ سەردەمی ئیبراهیم ( د.خ ) لە لالش ئە نجام دەدرێت :

ا- جەژنی قوربان ب- جەژنی جەمای جـ- جەژنی بێلندە د- هەموویان

٢٠-خەلکی گشتین لە ئێزیدیەکان لە شیخ و پیرەکانیان فێری بیروباوەری ئاینەکەیان دەبن بۆیان هەیە ژن خوازی بکەن:

ا- شیخ ب-مورید ج- چین د- هیچیان

٢١-ئاوی پاك و زولال و پیرۆزە دەبیت هەر ئیزیدیەك بە و کانیە بهیتە مۆرکردن( تعمید ) و حەلالکردن لە پەرستگادا:

ا-کانیا سوور ب- کانیا رەش جـ- کانیا سپی د- کانیا زەرد

٢٢- به زمانی ئاڤیستایی به واتای چرای گەش یا سەرچاوەی روناکی دیت:

ا-لالش ب-کانیا سپی ج- کانیا سوور د- هیچیان

٢٣-ئیزیدی دوو کتیبی پیرۆزیان هەیه ئەوانیش بریتین له:

ا- موسحەفا رەش و موسحەفا سپی ب- موسحەفا رەش و جەلوە ج- موسحەفه رەش و کتیبا بیرۆز د- هیچیان

٢٤-لەدانانی شیخ حەسەنه و کەشش سال خۆی خەلوە کردوە ئەو کتیبەی داناوە که باسی یەکتاپەرستی و بروا بەیەك خودای تاك و تەنیا و دانانی تاوس مەلیك وەك سەرۆکی فریشتەکان

ا- موسحەفا رەش ب- جەلوە ج- کانیا سپی د- مەحفەل

٢٥-ئەو بیروباوەرانه بەشیوەی تیکستی ئەدەبین و بەشیوەی شیعر ریکخستوە و پیی دەلین:

ا- قەول ب- بەیت ج- قەسیدەو دوعا د- هەمویان

٢٦-ئەو تیکستانه هاتونەته پاراستن له ریگای چەند قەولبیژیکی لی هاتو وەکو:

ا- شیخ فەخری ئادیان ب- پسی جەم ج- پیر رەش حەیران د- هەمویان

٢٧-به بلّندترین دەستەی دەسەلاتدار دادەنری و میری ئیزیدیان سەرۆکایەتی دەکات و پیی دەوترا( مەحفەل ) لەلاشه:

ا-ئه نجومەنی روحانی ب- ئه نجوومەنی پیران ج- ئه نجومەنی شیخان د- هەمویان

٢٨-سەرۆکی بالای روحانی ئیزیدیه و لەشارۆچکەی باعەدری نیشتەجییه:

ا- شیخی ئیزیدیان ب- میری ئیزیدیان ج- ئیختیاری مەرگەهی د- شیخی وەزیر

٢٩-واته بابی شیخ و بەبەرزترین پلەی ئاینی و روحانی دادەنری و له شیخی شەمسانیه و لەبنەمالەی شیخ فەخره:

ا- میری ئیزیدیان ب- شیخی وەزیر ج- ئیختیاری مەرگەهی د- مەزنی قەوالان

٣٠-ئه نجومەنیکه وەك هی ( پاپا )یه له ئاینی مەسیحیدا و پشتاو پشته و لەبنەمالەی شیخ فەخره پیی دەلین:

ا- ئه نجوومەنی جۆقەتی بابی شیخ ب- ئه نجوومەنی روحانی ج- ئه نجومەنی پیران د- ئه نجومەنی شیخان

٣١-له شیخەکانی ئادانیه و له بنەمالەی شیخ شەمسەو پلەو پایەی بلندی هەیه له جڤاتی روحانی:

ا-میری ئیزیدیان ب- شیخی وەزیر ج- ئیختیاری مەرگەهی د- هیچیان

٣٢-له شیخەکانی شەمسانیه و له بنەمالەی شیخ شەرەفەددینه و ئەندامی ئه نجومەنی بالای روحانی و بابی شیخه

ا-مەزنی قەوالان ب- شیخی وەزیر ج- پیشیمامی مەرگەهی د- میری ئیزیدیان

٣٣-له چینی موریدە و شارەزاییەکی باشی هەیه له تیکسته ئاینیەکان هەیه و دەبیت لەگەل گیرانی تاوسدا بیت

ا-شیخی وەزیر ب-مەزنی قەوالان( سەرۆکی قەوالان ) ج- پیشیمامی مەرگەهی د- میری ئیزیدیان

**٣٤-ئه نجوومه‌نی بالای روحانی ئیزیدیه‌كان وه‌كو ده‌سه‌لاتیكی دینی و دونیایی ده‌سته‌كی راویژكاریان هه‌یه له ...:**

ا- ٣٠ ب- ٤٠ ج- ٥٠ د- ٦٠ پییك دیت

| | | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ١/د | ٢/ب | ٣/ج | ٤/ب | ٥/أ | ٦/أ | ٧/ب | ٨/د | ٩/أ | ١٠/أ |
| ١١/أ | ١٢/ب | ١٣/أ | ١٤/ب | ١٥/أ | ١٦/ب | ١٧أ | ١٨أ | ١٩/أ | ٢٠/ب |
| ٢١/ج | ٢٣/ب | ٢٤/ب | ٢٥/د | ٢٦/د | ٢٧/ا | ٢٨/ب | ٢٩/ج | ٣٠/أ | ٣١/ب |
| ٣٢/ج | ٣٣/ب | ٣٤/أ | | | | | | | |